هەفتەنامە **ڕۆژی گەل** بە خۆشحاڵیەوە بیرەوەریەکانی بەڕێز مام زرار سلێمان بە دەرگەڵەیەیی بە زنجیرە بڵاو دەکاتەوە.

مام زرار سلێمان دەرگەڵەیی تێکۆشەرێکی دێرینی ڕێگەی ئازادی و یەکسانیخوازی کوردستانە، لە بەستێنی خەباتی سیاسی ناسراوە بیرەوەریەکان بۆ خۆیان دەدوێن، مێژووی تێکۆشانی ئەو تێکۆشەرە دەگێڕنەوە، لاپەڕە شاراوەکانی مێژووی خەبات و تێکۆشان ئاشکرا دەکەن.

فەرموون بەیەکەوە بیرەوەریەکان بخوێنینەوەو سوودی لێوەربگرین

# بیرەوەریەکانم



جەلال دەباغ ، زرار سلێمان بەگ

دەرگەلە 1971

## بەشی یەکەم – 9 -

### هاوینی 1942

هاوینی 1942 وریا ئەمینی ڕواندزی بۆ پشووی هاوین لە کەرکووکەوە هاتبوە ماڵمان،ئەو قوتابی دواناوەندی بوو، لەوکاتەی ئەوهات سەربازگەیەکی سەربازە ئاوارەکانی(پۆلۆنی) لە بەرزێوە بەرامبە جنێراوە چادریان هەڵدا، وریا کەمێک ئینگلیزی دەزانی، زۆر جار دەچووینە لایان، بەوهۆیەوە چەند ئەفسەرێکیان ببوونە ناسیاو، ڕۆژێک ئەفسەرەکان هاتنە ساباتی ئێمە، لەکاتی دانیشتنیان سندوقی قەوانیان بۆلێدان، ئەوان تێنەدەگەیشتن، سەریشیان لەبەر دەنگی (مریەم خان) دەهەژاند، ئەوەی بیدیبایە وای دەزانی تێدەگەن. کاتێک سەماوەریان بۆ سابات هێنا، یەکێک لە ئەفسەرەکان چاوی بەسەماوار کەوت و هەستا سەیری کردو نووسینەکەی خوێندەوە و دەستی بەگریان کرد وگوتی: (ئەو سەماوارە لە کارگەی مامم لە وارشۆ دروست کراوە) (پۆلۆنی)ە ئاوارەکان ماوەیەک لەوێ مانەوە، ناوە ناوە دەهاتنە ناو باخچەکان و ئێمە دەڕۆیشتینە لایان.

ئەو ماوەیەی وریا لەلامان بوو بیرمان لەوە کردەوە بیبەینە ڕاوە ژوژک، باسی ئەوەمان کرد دەڕۆینە ڕاوە ژوژک، وریا گوتی منیش دێم. بەگاڵتە پێمان گوت تۆ نابەین چۆن دڵمان دێت تۆ ببەین چونکە ماندو دەبیت، ناوبراو گری گرت ودەیگوت هەردێم ، نابێ بەجێمبێڵن، لە دواییدا گوتمان باشە دەتبەین تەنەکە کوتان دەدەینە تۆ ئاسانە، گوتی غەمتان نەبێت چۆن دەڵێن ئەوها تەنەکە دەکوتم، ئێوارە کە تاریک داهات لە گوند دەرکەوتین، تەنەکەمان دادەستی وریا پێمان گوت کە چۆن تەنەکە بکوتیت!! گەیشتینە ناوگۆرستانی پشتی گوند لە بناری (هەندرێن) لەوێ (وریا) مان بەجێهێشت و بەبیانووی ئەوەی ئێمە دەڕۆین ژووژک را دەپەڕێنین، ئەویش دەستی بە تەنەکە کوتان کرد. ئێمە هەریەکە بەلایەکدا گەراینەوە، کاتێک باوکم زانی(وریا) مان بردۆتە ڕاوە (ژوژک) و تەنەکە دەکوتێت زۆر توڕە بوو، گوتی: (زوو بە دواییدا برۆن ئەگە بزانی بەتەنیا ماوەتەوە دەترسێ، چونکە ئەو منداڵە لەشار گەورە بووە و نازانێ ڕاوە ژوژک گاڵتەیە. بۆیە بەپەلە بە دوای وریا داچووین وهێنامانەوە. کاتێ دەگەڕاینەوە ناوبراو دەی پرسی: کوا چەند ژوژکتان گرتوون؟ دیاربوو زۆر ماندو بووبوو چوونکە تەنەکەی باش کوتابوو، بەدرەنگەوە زانی گاڵتەیان لەگەڵ کردوە، کەمێک تێک چوو، سەیر لەوە بوو دواتر ئەویش دەیویست نەزانەکان بباتە ڕاوە ژوژک!

ئەوەی شایەنی لێدوانە ڕۆژگار وای بەسەر هێناین هەردووکمان دەربەدە بووین و لە دەرەوەی نیشتیمان دەژیاین، ئەو لە(ڤیننا)و منیش لە(تاشکەند)، یەک لەڕۆژهەڵات ئەوەی تر لە ڕۆژئاوا، لە ساڵی (1957) (وریا) نامەیەکی دورو درێژی بۆ من ناردبوو، زۆر شتی بۆ نوسیبووم یادی رابردوی تێدا دیارکردبوو، لە بارەی ڕاوە ژوژک نووسی بوی( کاکی ئازیز زرار سە خۆزگەم بەو شەوەی کە لە جنێراوە منتان بردە ڕاوە ژوژک). کۆمەڵێک وێنەی بۆ ناردبووم. وەڵامی نامەکەم بۆ نوسیی یەوە پێم ڕاگەیاند دیارە گۆڕاوی پێشان لەگەڵ کۆمۆنیستەکان بوی ئێستا شتێکی تری، پارچە هەڵبەستێکی خۆشم بۆ نووسی لە ژێر ناوی (پەرۆشم).

### لە هاوین باسکم دەشکێ

مەجید بەگ کوری میر حەمەدئەمین لە باوکی زیز بوبوو لە لای ئێمە دەژیا، ناوبراو لاوێکی چووست و چالا وءبە ڕاپەڕبوو، بەشی زۆری کاروبارەکانی ماڵمان ئەو ڕایدەپەڕاند، چەکدار بوو تفەنگی جام بێزاری هەبوو.

ڕۆژێک مەجید بەگ بە منی گوت: (ئامادە بە دەڕۆینە ڕواندز وەڵاخەکان دەبەین ناڵیان دەکەین) دوای چێشت خواردن لە ماڵ دەرکەوتین بە ڕێگە (بەنی هەندرێن) دا ڕۆیشتین، ئەو سواری ماینی باوکم بوبوو منیش سواری هێستر بوبووم، لە بێشوک گەیشتینە سە ڕێگەی ئۆتۆمبێل، هەر لە گەروک (شیران) مەجید بەگ لە من دوور کەوتەوە، ئەو لە پێشەوە دەڕۆیشت، نزیک قشلەی سوپا لەناکاودا ئۆتۆمبێلێکی پاس لە دواوە بۆڕاندی، لەگەڵ ئەو دەنگە گەورەیەدا هێسترەکەم ڕاپەڕی و من بەربوومەوە،، کە هەستامەوە زانیم باسکم شکاوە هەرئەوەندەم بۆ کرا دەسەسرەکەم بە هەر شێوەیەک بێت لە باسکم بپێچمەوەو هێسترەکەش ڕۆیشت بە دوای (مەجید بە )دا، کە ناوبراو دەبینێ وا هێسترەکە بێ زرارەو بە دوایدا دەڕوات، یەکسە جڵەوی ماینەکەی دەسوڕێنێتەوەو دەگەڕێتەوە، کە گەیشتەلام دیتی باسکم شکاوە، بەسەرهاتەکەم بۆ گێڕایەوە ئینجا ڕۆیشتینە کاولۆک، لە ماڵی (عەزیز ئاغا) ناردیان پیاوێک هات کە گوایا لە شکەست دەزانێ، تا هەڵی بەستەوە ئەوەندەی ئەزیەت دام زۆر لە شکانەکە بە ئازار تر بووم بە دەستیەوە.

من لە ماڵی (عەزیز ئاغا) مامەوە (مەجید بە ) چووە ڕواندز وەڵاخەکانی ناڵ کردو گەڕایەوە لای من، لەوێ بەرەو ماڵ گەراینەوە، ئێش و ئازاری یەکجار زۆربوو دوو شەو خەوم لێنەکەوت. ماوەیەکی زۆری بەسە تێپەڕی تاکو خۆی گرتەوە، ئینجا بەدیار کەوت خوار هەڵبەستراوەتەوە، باوکم کە بینی دەستم خوارە ناردی بەدوای (کوێخا ئەحمەدی کۆیلەیی)، ناوبراو پسپۆری شکەست بوو، کە کوێخا گەیشتە جنێراوەو سەیری باسکی کردم، گوتی: (ماسیەکم بۆ پەیدا بکەن) ماسیان بۆ هێنا، ماسیەکەی کوتا، گۆشتە کوتراوەکەی لە شوێنی شکاوەکە بەست، ئەو شەوە پێیەوە نوستم، بەیانی زوو بانگی کردم و داینامە تەنیشت خۆی، قسەی سەیرۆکەی بۆ دەکردم، دەیگوت: (زانیوتە شا بۆتە عەجەم)!! لە پرێکا تیە دەستێکی لە شوێنی شکاوەکەدا، ئیدی چاوم تاریک بوو، کوێخا کۆمەڵێک پەلە داری لە داری (بی) ئامادە کردبوون و پوشیەکەی ڕوناسیان کردبوە هەویر، لە دوای ئەوەی شوێنە شکاوەکەی داناوە جێگەی خۆی، زوو ڕوناسەکەی دانایە سەرو پەلە دارەکانی پێوە پێچایەوە، هەر ئەوەندەم خۆ دیتەوە ئێش و ئازارەکە نوێ بوەوە، دوو شەوو ڕۆژ چاوم نەچوە خەو، وەک جاری پێشو ئازارم هەبوو، کوێخا ڕۆیشتبوەوە من لە بەر ئازار ئاگام لێنەبوو، هەڵبەتە ماوەیەک دەستم بە هەڵبەستراوی مایەوە، زیاتر لە بیست ڕۆژ پەلەکان بە باسکمەوە بوون، ئینجا پەلەکان لێکرانەوەء تەنها پەرۆی بە ڕوناسی پێوە مایەوە .

ڕووداوێکی تر

لە ایزی هەمان ساڵ کە هێشتا ماڵمان هەر لە (جنێراوە)بوو، بەیانیەک باوکم لە سابات دانیشتبوو بە نیازی ئەوە بوو بڕواتە ڕواندز، لەو کاتە لەبەری ئەو بەر لە ڕێگەی ئۆتۆمبێل پیاوێک دیاربوو بە سواری گوێدرێژێک بە خێرایی بەرەو ڕواندز دەڕۆیشت، لە سەرەتاوە نەیان ناسی، پاشان عەلی شێرکاوەیی گوتی: (ئەوە ئەحە کەچەڵی پیاوی فەتاحە کوێرە)، باوکم بە دەنگ هات و گوتی: (ئەبێ بەردێک بخەمە بە ددانی ئەو سەگ بابە) چەند جارێک میر داوای لێکردوە (قادری سەعیدی) بکاتە نۆبەتدار هەر گوێشی نەداوەتێ، قادرە درێژ هیچی نیەو وەزعیشی لەوپەڕی پەرێشانیدایە، (فەتاحە کوێر)ی بێ ڕێز لەسەر زەوی ئێمە دەژی و مراقیبە و ئێمەش بە هیچ نازانێ! ئیدی هەستا ولە سابات دەرکەوت، وەڵاخیان بۆ هێنا و سوار بوو بۆ ڕواندز ڕۆیشت، لە دوای ڕۆیشتی باوکم (مەجید بە ) خۆی پێچایەوەو فیشەکدانی لە خۆی بەستو بە منی گوت: (هەستە بابڕۆینە وارەکۆن) ئەو بەپەلە دەرکەوت منیش بە دوایدا ڕۆیشتم، نێوان (وارەکۆن و جنێراوە) مەودایەکی دورە، ئەو بەپەلە دەڕۆیشت، منیش بە دوایدا، بەڵام نەیدەگەیشتمێ، کە گەیشتینە (وارەکۆن) لەسەر کانیاوەکەی گوند دەم و چاومان شوشت، لە دوای پشودانێکی کورت (مەجید بە ) دەستی دایەوە تفەنگ و گوتی هەستە با بڕۆین! سەرم سوڕما، بەلامەوە زۆر سەیر بوو، ئێمە بۆ وارەکۆن هاتبوین ئێستا بۆ کوێ دەڕۆین! ەسەر سامیەوە پرسیم: (ئەرێ ئێمە بۆ کوێ دەڕۆین؟)، ئەو وەڵامی نەدامەوەو ڕۆیشت، ناچار بەدوایدا ڕۆیشتم، بەرەو پردی کۆنی پاشا کەچی نەرۆیشتە سەر پرد ڕێگەکە بەری (کەنگرێنە)دا ڕۆیشت کە گەیشتینە بەرامبە (کۆسپێ سپی) لە دەم ڕوبار لە وێنێک لە ژێر داربیەکان دانیشتین ڕوو لە ڕێگەی ئۆتۆمبێل، ئەوکاتە بە منی گوت: (زوو لە ڕوبار بپەڕەوە و بڕۆ سەرجادە لەگەڵی بڕۆ تا دواوەی پیروسوان هەتا منتان دەگەمێ). بەپەلە لە ڕوبار پەڕیمەوە و ڕۆیشتمە سەرجادە (ئەحە کەچەڵ) یش گەیشتەلام، ماندوو نەبونم لێکردو وەڵامی دامەوە، گوتی خۆت ماندوو نەبی. لەگەڵی ڕۆیشتم ناوبراو بە سواری گوێدرێژێک بوو، منیش بە پیادە، نزیک کەوتینەوە لە چناری مازوکەران لەوکاتە پێم گوت مامە توتنت پێیە (ئەحە) گوتی: (بەڵێ)، دەستی برد کیسەی توتن دەربێنێ مەجید بەگ لەدواوە بانگی کرد (ڕاوەستن!)، کابرا ڕەنگی گۆڕاو گوتی: (باوکم لەسەرچی دەمکوژن؟) هە لەسەر پشتی گوێدرێژەکە چاوی (ئەحەی) بەستن و وەپێش خۆی دا بە کەندی(زەروان)دا بۆ ناو دارستانەکەی سەرەوە سەرکەوتین ، لەوێ لە شوێنێک دامان بەزاند، مەجید بەگ کەلوپەلەکەی کە پێی بوو بردی و لە شوێنێک شاردیەوەو گەڕایەوە، (ئەحە)مان بەچاوو دەست بەستراوی بەرو پشت سواری گوێدرێژەکە کردەوە بردمان لەسەر ڕێگەی ئۆتۆمبێل بەرەو بەرسیرین بەڕێمان کرد، بۆخۆشمان گەراینەوە، (ئەحە) بەچاوو دەست بەستراوی بەسواری گوێدرێژ لە گۆڕستانی(کاولان) لە خوار بەرسیرین دەگاتە(سمایل ئاغا)ی بەرسیرینی، ناوبراو(ئەحە) بەو شێوەیە دەبینی و ڕایدەگرێ، دەست و چاوی دەکاتەوە، لێی دەپرسێ: (کێ وای لێکردی؟) ئەحە بەلالوتی دەڵێت: (لە ئێوە بەولاوە کێ دەتوانێت ڕێگری بکات؟) سمایل ئاغا لە قسەکانی ئەحە سەرسام دەبێ،بیر دەکاتەوە ئەگەر ئەحە توشی بەڵایێکی بکات، ئیتر (ئەحە) دەڕواتە حافیز، بەیانی ڕۆژی دوایی زوو دەگاتە (جنێراوە) هێشتا زۆر زوو بوو لەخەو هەڵیان ستاندم و گوتیان بڕۆ سەماوار ببە بۆ سابات میوانی لێیە کاتێک لەجۆگەی ئاو بازمدا دەبینم خۆ ئەوە (ئەحە کەچەڵ)ە دانیشتووە یەکسەر بە سەماوارەوە گەڕامەوە، ڕۆیشتمە لای مەجید بەگ، لەخەو هەڵم ستاندو پێم گوت: (ئەوە ئە ە لەبن سابات دانیشتوە چاوەڕێی باوکم دەکات)! (مەجید بە ) بە چاوی خەواڵوەوە گوتی: (تۆ بەڕاستیتە یان گاڵتە دەکەیت، چۆن بەم بەیانیە گەیشتۆتە ئێرە )! کاتێک باوکم ڕۆیشتە سابات بانگی منیان کرد بەناچاری سەماوارم بۆ سابات برد، لەوکاتە (ئەحە) نامەیەکی دایە باوکم و گوتی (میرم دوێنێ نیوەڕۆ لە کۆسپی سپی منیان ڕووت کرد و ئەو کەلو پەلانەی لە ڕواندز بۆ ماڵی فەتاحم کری بوون لێیان ستاندم) باوکم لێی پرسی (ئەوانەی تۆیان ڕووت کرد نەت ناسین کێ بوون؟) ئەحە لە وەڵامدا گوتی: (بەڵێ میرم ناسینم پیاوەکانی ئێوە بوون منیان ڕووت کردەوەو بەرەوپشت بەسواری گوێدرێژەکەم بەڕێیان کردمەوە بەرەو حافیز، باوکم گوتی: (پیاوی باش بە ئێمە پیاوی وامان نییە تۆ ڕووت بکەنەوە، بەهەڵەدا چووی، ئەوانە نابێ پیاوی ئێمە بووبن)، ئەحە هە زوو پەنجەی بۆ من درێژ کرد و گوتی: (میرم بەساقەت بم یەکێکیان ئەمە خۆیەتی لەوانەی کە منیان ڕووت کردوەوە) باوکم گوتی: (ئەحە ئەو کورە باسکی شکاوە لەماڵ دەرناچێ و کاری واش ناکات، ئەوەی تۆ دەیڵێیت نەگونجاوە) ئەحە گوتی: (میرم وەڵڵا ئەمە خۆیەتی ئینشائەڵڵا درۆ لە ڕووی ئێوە ناکەم، حەز دەکەم دڵتان لێم نەڕەنجێت) باوکم هەستاو ڕۆیشتەوە لای ماڵ بانگی کردم و پرسی: (ئەو پیاوە پەنجە بۆ تۆ درێژ دەکات ڕاستە شتی واتان کردوە ) گوتم: (بەڵێ هە ئێوە ڕۆیشتن بۆ ڕواندز مەجید منی لەگەڵ خۆی برد بەناوی ئەوەی دەچینە وارەکۆن، لەوێش بۆ کۆسپی سپی و لەگەڕانەوەی ئەحە کەلو پەلەکانی لێستاندو لە زەروانی لێشاردەوە) باوکم گوتی: (هەر ئێستا لەگەڵی دەڕۆیت شتەکانی بەبێ دەنگی دەدەیتەوە)، خۆی ڕۆیشتەوە سابات و بە(ئە ە)ی گوت لەگەڵ ئەو کورە دەڕۆیت و ئەشیاکانت داداتەوە و بەبێ دەنگی دەڕۆیتەوەو کەس نەزانێ.

لەگەڵ (ئەحە) ڕۆیشتم چوینە (زەروان)و شتەکانم نیشاندان و خۆم گەرامەوە، ناوبراو شتەکانی بار کردو گەرایەوە حافیز. باوکم لەگەڵ (مەجید بە ) قسەی کردبوو پێی گوتبو( ئەوەی ئێوە کردوتانە کارێکی زۆر ناڕێک و ناساز بوو، کاری ئەوها دەبێ بە وەستایی بکرێت، نەک بەوشێوەیەی کە ئێوە پێی هەستاون، ئەوەی من گوتم بەردێک دەخەمە بەر ددانەکانی فەتاحە کوێر، ئەوەنەبوو وەک ئەوەی کە کردوتانە، بچن کەلوپەل لە ئەحە کەچەڵ بستێنن.

چارە چییەو ئەبێ چی بکەم : بەڵێ وەک لەسەرەوە باس کراوە ژیانم بە بەختی و دەردەسەری بووە، هە لەمنداڵی خراومە ژێر زەبری باری گران و کوێرەوەری، کاری نارەواو ناپەسندی زڕدایکو تێهەڵدانی بێ بەزەیی باوکم، ئەوەی دەربارەی من لە ئارادا هەبوو خەڵکیش ئەو هەڵوێستە چەوتەی باوکمیان دەزانی و تێگەیشتبوون، هە ئەو هەڵوێستە نالەبارەی باوکم پاڵیدام بۆ بیرکردنەوەی داهاتووم لە زۆر کاری جۆراو جۆر، بەڵام بەهەر جۆرێک بێت توانیم خۆم لە کرداری خراپ بە دوور بگرم، ئەگەرچی لەناو دەریایەکی بێسنور دەسوڕامەوە، ئەگەر بە ووردی باسی ژیانی خۆم بکەم بەڕاستی دەرچوون لەناو ئەو دەریایە بێسنورە زۆر زەحمەت بوو، خۆم بێ بەرگ و بێ پێڵاو دەبینی ، گومانی تێدانییە تەمەنی لاوی سەردەمێکی تایبەتە لە ژیانی گەنجایەتی تازە پێگەیشتودا، بێشک هەموو گەنجێک ئارەزویەتی خۆی بە بەرگی نوێ و پێڵاوی تاز بلاوێنێتەوە ە، بەڵام دەتوانم بڵێم تەمەنم گەیشتۆتە پازدە ساڵ بەرگی نوێ و پێڵاوی تازەم بەبەر خۆمەوە نە دیوە ەبێ ئەوەش بزاندرێت گەنج دڵ ناسکە حەز ناکات دڵ شکاو بکرێت، کەچی هەردەم غەمبارو دڵ شکاو بووم، بەچاوێکی سوک سەیر دەکرام، خۆ ئەگەر ئەو بەدکاریە هەر لەلایەن باوکمەوە بوایە ئەوەندە بەپەرۆش نەدەبووم، لەبەر ئەوەی باوکمە، بەڵام ئەو بەدیە لەلایەن زڕدایک و نۆکەری ناوماڵیش (حەیدەرە ڕە ) کە بوبوە باوەڕ پێکراوی (ئاغا وئاغا ژن) وای دەزانی ئەوکوڕی میرە، ئەوەش وا دەگەیێنێ جڵەوی هەست و مست لە میرەوە بۆ ئەو پیاوە خۆنەناسە شل کرابوو ، ئەوەندە لە باوکم و زڕدایک بێرار بەبووبوم، نەوەندەی لەو پیاوە پرو پوچە بێزا بووبووم.

ئەو بێزای و نارەزاییە زۆر جار پاڵی دەدام بۆ دەست وەشاندن لە زڕدایک یان نۆکەری (ئاغا و ئاغاژن) بەڵام توانیم خۆم ڕابگرم، لە خراپە خۆم بەدوور بگرم.

جیا لە دڵ شکان وبێ بەرگی و شپرزەیی ئەوە لەلایەک، کاری واشیان پێ دەکردم زۆر لە توانای من هەوراز تربوو، چارەش نەبوو، خۆش یان نەخۆش دەبوایە بیکەم چارەڕەشی لەوەدا بوو.

ڕاستیەکەی ئەوەی زۆر دڵمی ئاڵۆز کردبوو شەرمم لەخۆم دەکردەوە کە خۆم بەبێ بەرگی دەدیت، تەمەنم لە پازدە ساڵ زیاتر بوو بەرگی نوێم بەبە خۆمەوە نەدیت کە دڵم پێ خۆش بێت، بەخۆم نەمدەتوانی بیکرم، باوکیشم بۆی نەدەکریم، لێرەدا کەوتبوومە بیرکردنەوەی چارە چییە !

ماوەیە دوایبەسەر هاتەکەی (ئەحەکەچەڵ ) ڕۆژێک دەگەڕامەوە لە ڕێگا لەگەڵ (ڕەسولی مەلا ئەحمە )ی، ناوبراو دار فرۆش بوو ماڵی لە جنێراوە بوو ،کاتێک گەیشتمە تاتی (مەلا شێخ)ی دیتم جەڵەبێکی زۆر لە خوار باخچەکانی خەلکان بڵاوی ناو قامیشەڵانی سە ڕوبار مۆڵ بوینە، شوانەکانیش لەسە کانیاوەکە چایان لێ نابوو، بە(مام ڕەسول)م گوت زەحمەت نەبێت هێسترەکەم بۆ ببەوە من دەگەڕێمەوە بێشوک شتێکم لەبیر چوە، بەو بیانوە گەڕامەوە یەکسەر ڕۆیشتمە سەر پردی (خەلکان)و پەڕیمەوە و چومە دەم ڕوبار خۆم گەیاندە، مەڕەکان، دوو بەرانم بە پشتێن لە یەک بەستن و لەوێم بەجێهێشتن، ڕۆیشتمەوە بێشوک تاکو تاریک داهات، کە دیتم جەڵە گەیشتەوە کەندە کەورین ئەوکاتە ڕۆیشتم، زانیم پۆلیسەکانی مەخفەریش خەریکی خواردنی نانی مەغریبن، کاتێک چووم بەرانەکان هەر لە شوێنی خۆیان مابونەوە، لەسەرەخۆ بەهێواشی بردنمە سەر ڕێگا بەو شەوە بردنمەوە (جنێراوە) لەوێ لە ناو باخچەیەک بەستنمەوە بەو نیازەی بیان فرۆشم و دەستە جلێک و پێڵاوێکی پێبکرم بۆ ئەوەی جاروبار بیان کەمە بەرم، بەو شێوەیە بەرانەکانم لە پەنایەک لە ناو خچەکە بە ستبونەوە بۆ ئەوەی دوو سێ ڕۆژی بەسەردا بڕوات ئەوجا بیانبەم بیان فرۆشم، کەچی لە بەدبەختی من باوکم زانیبوی و ناردبوی یەکێکیان بۆ بردبوو یەکسەر کوشتبویەوە، بۆ ئەوەی تریش گوتبوی ئاگاداری بن لەوماوەیەدا مێوانمان دێت، ئیدی ئەویش ڕۆیشت، ئیتر بیرم کردەوە کە ئاخۆ چی بکەم، چارە چیە !!

لەوماوەیەدا باوکم لە سەر داوای (مەحمود بە )ی برادۆست چووە (مجێسە ) لە ناوچەی برادۆست، ڕۆیشتنی باوکم هەلێکی لەبار بوو توانیم بەرانەکە ببەم بۆ ڕواندزو بیفرۆشم، بە پارەکەی دەستێک جلم پێکڕی و گەڕامەوە، شایانی باسە ئەو کردارەی من ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ زڕ دایکم و حەیدەرە ڕەشی (بەکرۆکە) کە باوکمی لە دژی من پێهان بدەن .

دەمزانی کە باوکم بگەڕێتەوە ئەزیەتم دەدات، کاتێک گەڕایەوە من خۆم شاردەوە، ئەو یەخەی دایکمی گرتبوو داوای لێکردبوو ئەو جلانەی کە کڕیبوم بیدەنە دەستی بۆ ئەوەی بیانسوتێنێ، ڕۆژی دووەم کاتی بەیانی زوو لە ناو گۆڕستانی پشتی گوند درێژ ببوم بینیم (ڕەئیس بەشیر و ملازم عەلی عەزیز) هاتنە لام، دەچون سەری سەربازەکان بدەن ئەوانەی خەریکی سپێر چاک کردن بوون، ملازم عەلی گوتی: (ئەوە بۆ لێرە درێژ بووی؟) منیش بەسەر هاتەکەم بۆ باس کرد، دیار بوو زۆر پەرۆش بوون بە قسەکانم بۆیە گوتی: (کێتان نەخۆشە لەماڵ بەپەلە داوای تەبیبیان کردوە ئێمە تەبیبمان بۆ ناردن؟) گوتم: ( ام جانگیر چەند ڕۆژێکە زۆر نەخۆش و هیلاکە) ئێمە لەو قسانە دابووین بوو بە هاوارو گریان دیار بوو (جانگیر) تەواو بوبوو، باوکم ئەو کوڕەی ئەوەندە خۆش دەویست وای دەزانی هەر ئەوەندە کوڕەی هەیە، زۆر ئاڵۆز بوو خەڵکێکی زۆر کۆبونەوەو منی لە بیر چوو، هەرئەو کاتە سەربازەکان گۆڕیان بۆ هەڵکەند و شاردیانەوەو تازیە داندرا.

## دەروون دونیا

### تکایە میوانی وڵاتەکەم ئازادکەن

لەدوای شاڵاوەکانی ئەنفالەوە بەشێکی زۆر لە دانیشتوانی شارە کوردەکان، بە تایبەتی کەرکوکیەکان نەیان دەوێرا بێ پرسی لێپرسراوی گەڕەکەکەیان دالدەی میوان و خەڵکی غەریبە دەن، تەنانەت ئەگەر ئەو کەسە یەکێکی نزیکیشیان بوایەو پیاوەتی و چاکەشی بەسەریانەوە هەبووایە چونکە تەبیعەتی بەعسیان دەناسی کە شەرم لە کەس ناکەن و دەیان گرن دواتر خەجاڵەتی لای میوانەکانیان دەبن.

ئێستا کاتێ کە هەندێ کەس دەدوێنی باسی جیهانی پێشکەوتن و عەولەمەی ئەمریکات بۆ دەکا وەکو ئەوەی بەهەشتێکی ڕازاوە لە سیاسەتەکانی ئەمەریکاوە بێ، ڵتەیان بە هەموو یاسا و نەرێت و ولتورەکانی دیکەی دنیا دێ تەنانەت بە ولتوری خۆشمانەوە، کەچی ئەو ئەمریکایەی وا خۆی نیشان دەدا لە لوتکەی پێشکەوتن و پاراستنی مافەکانی مرۆڤدایە، بێ هیچ گوێ دانێک بە سەروەری و کولتورو شتە پیرۆزەکانی خەڵکی کوردستان، تەنانەت بێ گوێدان بە یاساو ئەتەکێتە دبلۆماسییە نێودەوڵەتیەکان لەناو جەرگە سلێمانیدا میوانی حکومە ی هەرێمی کوردستان کەلەپچە ئەکا و دەیبا.

ئەم جۆرە ڕەفتارانە بۆخۆی هەندێ لێکدانەوە هەڵدەگرێ، تا بەشێک لە سیماو ناوەرۆکی ئەمریکیەکان دە . یەکێک لەوانە مەسەلەی مەلەفی ئەمنی کوردستانە کە هەمومان دەزانین مەلەفی ئەمنی کوردستان بە دە کورد خۆیەوە بوو بەڵام بۆ دەرخستنی ڕووی گەشی خۆیان و بۆ سەرفی ناوخۆیی کردیان بە هەڵڵا کە گوایە کوردستانمان تەواو ئارام کردووە بۆیە چیتر ئێمە هەقمان بەسەر ئیش و کاریانەوە نیە و مەلەفی ئەمنی ڕادە خۆیان دەکەینەوە بەم پێیە ەبووایە کورد ئازاد بووایە لە هەموو کارو کردەوەکانیدا، بەڵام دیارە وانیە بۆیە نەیتوانی بچوکترین بەرگری لەو میوانە بکا کە خۆی دەعوەتی کردووە نەک لەخۆیەوە هاتبێ.

ئاغای فەرهادی لە وڵاتی خۆی هە لەو ئیمتیازێکی هەیە، یان وڵاتەکەی فەرهادی هەر ناحەزیە هەیە لەگەڵ ئەمریکادا ەبوایە لایەنی کەم ڕێزیان بۆ سەروەریەکانی کورد دابنایەو ئەم کارەیان نەکردایە چونکە هیچ نەبێ ئەو میوانە خەڵکی وڵاتێکە چەندەها جار بە کەڵکی کوردی هەرێمەکەی ئێمەوە هاتووە.

شتێکی دیکە ئەوەیە کە چۆن زانرا ئەم پیاوە یەکێکە لەو کەسانەی کە داواکراوە لەلایەن ئەمریکیەکانەوە، ئەو هەواڵگرە توندوتۆڵە بۆچی ناتوانێ شوێنی ئەو دەیان سەرکردە بەعسیە تاوانبار و داواکراوانە دیاری بکات کە ەستیان سوورە بە خوێنی سەدان هەزار عێراقی؟ ئەگەر چی هەندێک لە سەرکردایەتی کورد نیگەرانی خۆیان لەسەر ئەو مەسەلەیە دەربڕی و بە فەرمی داوای ئازادکردنی فەرهادییان کرد، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی نیگەرانی خەڵکی کوردستان بەتەواوی بڕەوێتەوە لەسەر ئەو هەموو بەرژەوەندیە ناوخۆو دەرەکیە ناکۆکانەی کە لەکوردستاندا بوونیان هەیە. ئێستا خەڵکی کوردستان تەواو نیگەرانن لە نهێنیەکانی پشت پەردەوە و گومانیان هەیە لە بوونی دەیان خەڵکی خراپ لەم وڵاتەدا کە خەریکی ئەنجام دانی کاری سیخوڕی بن، هەر ئەو گومانەش پەیوەندی نێوان جەماوەری کوردستان و دەسەڵاتە سیاسیەکەی لاواز دەکات و کەلێن لە نێوانیان دا دروست دە بەشێوەیەک کە چەندەها کاری لەو شێوە لێرە ئەنجام بدرێ و چارەسە زانستی بۆ نەکرێ و دواتر باجەکەی خەڵکی کوردستان بیدات.

This document was created with Win2PDF available at http://www.win2pdf.com.
The unregistered version of Win2PDF is for evaluation or non-commercial use only.
This page will not be added after purchasing Win2PDF.